# [ روژی نوی ]

گوڤاریکی ئەدەبی ، سیاسی ، کومەلایەتیە

مانگی جاریك دەر ئەچی

ژمارە ــ٢ــ سالی ــ١ــ

| ئابوونە : | فلس | دینار |
|---|---|---|
| ئابوونەی سالیك لە عیراقدا | ٢٥٠ | ١ |
| « « لەدرەوەی عیراق | ٥٠٠ | ١ |
| « « بو قوتابیان | ٠٠٠ | ١ |

دانەی بە [١٢٠] فلسە

Scanné avec CamScanner

ئەم باســـە لە پەرراوی مـەبدەئە بنەررەتیەکانی فەلسـەفەوەوەرگیرراوە کە دانەرەکەی جورج پولیتیزیرە بەم نزیکانە ئەچیتە ژیرچاپەوە .

بەشـی یەکەم

محرم محمد امين

# پرروگرامی دایلەکتیکی

١ــ پرروگرام چیـیە ؟

٢ــ پرروگرامی میتافیزیکی

ا ـ ســرووشتەکانیی .

بـ ـ بنجە میژوویەکەی .

٣ــ پرروگرامی دایلەکتیکی

ا ـ سرووشتەکانی

بـ ـ بنجە میژوویەکەی

٤ــ مەنتقی تەقلیدی ، وە مەنتقی دایلەکتیکی

« ماددی دایلەکتیکی لەبەر ئەوەی کەسەیری دەرکەوتەکانی (ظواهر)تەبیعەت ئەکات ، وە ئەو پرروگرامەی بو باس‌و زانین بەکاری‌ی ئەهینی دایلەکتیکی‌یە ( جەدەلی‌یە ) ، وە بە چاویکی ماددی لە دەرکەوتەکانی تەبیعەت ئەگاو لی‌یان ئەکولیتەوە ، بویە ئەم ناوەی بەسەردا برراوە » .

## ١ــپرروگرام چی‌یە ؟

مەبەس لە پرروگرام ئەو ریگایەیە کە لە سەری ئەرروین بو ئەوەی بگەین بە ئامانجیك لە ئامانجەکانمان . زوربەی فەیلەسووفەکان وەکو دیکارت‌و ســپینوزاو هیگل کیشەکانی پروگرامیان زور لا گرنگ بوە بو دوزینەوەی باشترین ژیر (عقل) کە بە

هوی‌یەوە بگەنە راستەقینە ( حەقیقەت ) . بەلام مارکسی‌یەکان ئەیانەوی رووبە رووی (واقع ) بوەستن و سەرنجی‌ی بدەنی ، بەواتەیەکی تر راستەوخو سەرنج بدەنە ناوەڕوکی دەرکەوتەکان کە ئەکەونە ئەو دیو بیرو باوەڕرە سەر لی‌تیک دەرەکانەوە . ئالیرەدا گرنگی پرروگرام بو مارکسیەکان دەر ئەکەوی ، چونکە لە پرروگرامیکی زانستی بەولاوە هیچی کە نی‌یە بتوانی تی‌گەیشتنیکی باشـــیان پی پەیدا بکا لە دەربارەی (عالەم)ەوە ، تی‌گەیشتنیکی وا کە کردەوەیەکی شـورشی‌ی لی‌هەلقولی‌و « عالەم » بگورریت . ئەم پرروگرامەش دایلەکتیکە . تاکە پرروگرامیکە کە دەست بدا بو تیگەیشتنی ماددی .

## ٢ــ پرروگرامی میتافیزیکی

### ا ـ سرووشـــتەکانی :

گریمان جوتی پیلاوی زەردم کری ، ماوەیەکی پی‌چوو ئەم جووتە پیلاوە چەند جاریك پینەکراو نال‌و پاژنەکەی گورراو هەندی پارچەی کونی‌ی لی لابراو هی نوی خرایە جیگا . کەچی لەگەل ئەم هەموو گوررینەشـــدا کە بەسەریا هاتوە هەر ئەلیم پیلاوە زەردەکانم لەپی‌دایە ، بی ئەوەی ئەوە بخەمە پیش چاوم کە پیلاوەکانم لە هی جاران ناچی . بەمە خوم ناشی ئەکەم لەو هەموو گوررینانەی بەسەریا هاتوە ، وە وای ئەدەمە قەلەم کە هەر ئەو جووتە پیلاوەیە کە یەکەم روژ بەتازەیی لە پیم کردوە .

ئەمە نموونەیەکی سـاکارە کە پرروگرامی میتافیزیکامان تی‌ئەگەیەنی ، ئەو پرروگرامەی هەر وەکو ئەنگلز ئەلی : « هەموو شتیك هەتا هەتا بە وەستاو و نەگورراو دائەنی » . بەواتەیەکی تر هیچ شتیك ناگورریت . ئەم پرروگرامە دەرك بە بزووتنەوە ناکا بویە نازانی لەبەرچی‌ی گوررین ( تغیر ) روو ئەدا .

ووشەی میتافیزیکا لە ووشەی (میتا) ی یونانی یەوە هاتوە کە واتەی ( ئەودیو ) ە وە ووشەی فیزیکا واتەی ( زانستی تەبیعەت )ە ، بەلیکدانی هەردوو ووشەکە واتەکەی ئەبی بە ( ئەودیو زانستی تەبیعەت ) کە ( ئەرسـتو ) دای ئەنا بەخویندنی ئەو شتەی لەو دیو تەبیعەتەوەیە . وە ئەو شـتانەی لەو دیو تەبیعەتەوەن ، بەواتەیەکی تر ئـەو شتانەی لە سـەروو تەبیعەتەوەن بوونیکی ( وجودیکی ) هەتا هەتایی‌یان هە گوررنیـان



Scanné avec CamScanner

بو نی‌یه ، له کاتیکا ته‌بیعه‌ت خوی بزووتنه‌وه‌یه . هه‌ندی که‌س به‌م بوونه ئه‌لین (خوا) وه هه‌ندی که‌سی تریش پی‌ی ئه‌لین «موتلەق» ئه‌و ماددی خوازانه‌ی پشت به زانست ئه‌به‌ستن ئه‌م (بوون)ه به‌قسه‌یه‌کی پررو پووچ ئه‌زانن .

که یونانی‌یه کونه‌کان سه‌رنه‌که‌وتن له لیکدانه‌وه‌و هه‌لهینانی بزووتنه‌وه‌دا ، هه‌ندی له فه‌یله‌سووفه‌کانیان بو ئه‌وه‌ی خویان له‌م قورته رزگار بکه‌ن مه‌بده‌ئیکی هه‌تا هه‌تایی‌یان داهینا له‌و دیو ته‌بیعه‌تی بزووکه‌وه .

که‌واته ، ئیمه که له پرروگرامی میتافیزیکی ئه‌دویین ، مه‌به‌سمان له‌و پرروگرامه‌یه که نه‌زانه یا پی‌نانی له واقعی بزووتنه‌وه‌و گورربن. جووته پیلاوه‌که‌ی له‌پیشا به‌نموونه هینامانه‌وه ، ئه‌گه‌ر هه‌ر به‌و پیلاوه‌ی بزانین که‌به تازه‌یی کرراوه ، واته‌ی ئه‌وه‌یه ئیمه له‌سه‌ر ریبازیکی میتافیزیکی ئه‌روین . میتافیزیکا له بزووتنه‌وه نازانی له‌به‌ر ئه‌وه هه‌موو شتیك لای ئه‌و وه‌ستاوه ، وه له‌به‌ر ئه‌وه‌ی باوه‌رری به گوررین نی‌یه سووره «مصر» له‌سه‌ر جیگیری خوی « الثبوت الذاتی » بویه ئه‌لی : « له‌ژیر تیشکی‌روژدا هیچ‌شتیکی نوی نی‌یه » . هه‌رووه‌ها به میتافیزیکی ئه‌ژمیریین ئه‌گه‌ر له‌و باوه‌رره‌دا بین که سه‌رمایه‌داریتی قه‌ت له‌ناو ناچی ، وه هه‌میشه سته‌م‌و جه‌ورو چه‌وساندنه‌وه‌و بی‌ره‌ووشتی هه‌ر به‌رده‌وام ئه‌بی که له سه‌رمایه‌داریتی‌یه‌وه په‌یدا ئه‌بی ، میتافیزیکی خوی به‌مروڤیکی نه‌مر ئه‌زانی وه له‌پاشا هه‌ر وه‌کو خوی ئه‌مینیته‌وه ناگورریت ، له‌به‌ر چی ؟ چونکه مروڤ دابرر ئه‌کا له‌و جیاگایه‌ی تیایا ئه‌ژی ، به‌واته له کومه‌له‌که‌ی ئه‌لیت مروڤ شتیکه‌و کومه‌له‌که‌شی‌ی شتیکی که‌یه ، ئه‌گه‌ر کومه‌له «مجتمع»ی سه‌رمایه‌داریتان رووخاندو کومه‌لیکی اشتراکیتان له‌جیگا دامه‌زراند پاش ئه‌مه چیتان ده‌ست ئه‌که‌وی ؟ مروڤ هه‌ر ئه‌و مروڤه‌یه که له‌وه‌و پیش هه‌بوه . ) . لیره‌دا میتافیزیکی سرووشتیکی تریشی هه‌یه نابی له‌بیرمان بچی ، ئه‌ویش ئه‌وه‌یه به‌زووره‌ملی شتیك له‌واقع جیا ئه‌کاته‌وه که لی‌ی جیا نابیته‌وه ، ئه‌وه‌ی راستی‌بی مروڤ به‌رهه‌می میژووی کومه‌له‌کانه ، ئه‌م ره‌وشت‌و خووه‌ی ئیستا هه‌یه‌تی که‌له‌پوری کومه‌له‌که‌یه‌تی بوی ماوه‌ته‌وه ، نه‌ك له ده‌ره‌وه‌ی کومه‌له‌که‌ی ده‌ستی که‌وتبی ، که‌چی پرروگرامی میتافیزیکی ئه‌و شته‌ی به واقعه‌وه نووساوه ئه‌یه‌وی لی‌ی دووربخاته‌وه ، ئه‌م به‌جوریکی کوتایی‌و هه‌تا هه‌تایی



Scanné avec CamScanner

شتەکان پول‌پول « تصنیف » ئەکا ، بو نموونە ئەلی : « ئەمە سیاسەتەو ئەوەش نقابەیە » بەلی راستە کە نقابەو سیاسەت دوو شتن ، بەلام لەتاقی کردنەوەی ژیاندا بومان دەر ئەکەوی کە نقابەو سیاسەت لە یەك دابرر ناکرین ، هەرشـــتی لە نقابەدا رووبدا لە سیاسەتیشا خوی ئەنوینی ، وە هەر وەها ئاوەژوو وەکەشی راســـتە . چالاکی سیاسی « دەولەت‌و پارتی‌یەکان‌و هەلبژاردن‌و ... هتد « کار ئەکاتە سەر نقابە » .

میتافیزیکی بەهوی ئەو دیوارانەی درووســـتی ئەکا لە نیوانی شتەکاندا ئەگاتە ئەم ئەنجامە « شـــت یا ئەمەیە وە یا ئەوەیە ، ناتوانی لە یەك کاندا ئەمەبی‌و ئەوەش بی هەر وەکو : دیموکراتیەت دکتاتوریەت نی‌یە ، وە دکتاتوریەت دیموکراتیەت نی‌یە » کەوابی دەولەت یا ئەبی دیموکراتی‌بی ، وە یا دکتاتوری بی . بەلام ژیان چیمان تی ئەگەیەنی ) تیمان ئەگەیەنی کە دەولەت ئەشی دکتاتوری‌بی ، وە هەر لەوکاتەشـــدا دیموکراتی‌بی .

دەولەتیکی بورجوازی ، دیموکراتی‌یە بو کەمیك لە خاوەن سەرمایەدارە گەورەکان کە هەموو دەستەلاتیکیان هەیە ، وە هەر ئەو دەولەتە دکتاتوری‌یەبو زووربەی خەلکی کە لە مافی خەیالی بەولاوە لەهەموو شتی بی بەشن . وە دەولەتیکی گەلی (وەکو چین) بو دوژمنانی گەل دکتاتوری‌یە ، بەواتە بو کەمیك چەوسینەرە کە بەهوی شـــورشیکی بەهیزەوە دەستەلاتیان لەژیر دەست دەرهینراوە ، هەروەهاش دیموکراتی‌یە بو زووربەی گەل ، بەواتە بو ئەوانەی لەستەم‌و چەوساندنەوە رزگاریان بوە ..

ئیتر بە کورتی‌یەکەی ئەوەیە کە میتافیزیکی سنووریکي هەتا هەتایی‌و هەرگیزاوهەرگیز دائەنی بو هەمووشتی ( بەواتە ئەو شتە چونە هەر وا ئەبی ) وە لە شتەکانی‌تر دابرری ئەکا کە ئەمەش وای لی ئەکا شتەکان بە ئاوەژوویی بەرامبەر بەیەك دابنی بە جوریك شتیکی پررو پووچیان لی دەر بچی . میتافیزیکی باوەرری نی‌یە کە دوو دژ (ضد) لە یەك کاندا پیکەوە کو بینەوە ، وە ئەلی : « مادده یا مردوە ، وە یازیندوە » ، بەلام لە راستەقینەدا مادده زیندووە و هەر لەو کاتەشدا مردووە ، . لەشی مروڤ لەهەموو چاو تروکانیکدا بەهەزارەها (خەلی)یەی نوی پەیدا ئەکاو جیگای (خەلی)یە مردوەکان

پرر ئەکاتەوە . ژیانی لەش بریتی‌یە لەم زوران بازی‌یە بی وەستانە لە نیوانی دژەکاندا

بەم‌لیکولینەوەیەی ســەرەوەدا ئەو خەتەرانەمان بو دەرئەکەوی کە لە پرروگرامی میتافیزیکاوە پەیدا ئەبن ، بە تایبەتی کە یەینە سەر باسی راستەقینە ( حەقیقەت ) و کار کردنە سەر عالەم . ئەو ئەنجامەی میتافیزیکا ئەیگاتی لەم لایەنەوە ئەوەیە کە چاوی خوی ئەنووقینی لەو (واقع)ەی بریتی‌یەلە گورریـن‌و وەرگەرراندن «تحول» هــەموو کەرەتیك تەنها سەیری یەك روو ئەکا لە روو وەکانی واقعی کوتایی نەهاتوو. ئەو «هەمو» «کل» ئەگەررینیتەوە بو یەك بەش لەبەشـەکانی واقع ، بەواتەیەکی تر ، دارستانیك هەمووی ئەگەررینیتەوە سەر یەك درەخت لە درەختەکانی دارستانەکە.

نایەوی وەکو دایلەکتیك تیکەل بە واقع بیی ، بەلام ئەیەوی بە خورتی بیخاتــە چوارچیوەیەکی مردوو وەوە کە ئەمەش کاریکە سەرکەوتنی بو نیە .

ئەفسانەیەکی یونانی هەیە خراپەی ری‌گریك ئەگیرریتەوە کە ناوی « بروکوست »ە ئەم بروکوستە هەر نیچیریکی دەست بکەوتایە لەسەر پی‌خەفیکی بچووك پالی ئەخست ، جا ئەگەر نیچیرەکە لە پی‌خەفەکە دریژتر بوایە وا ئەی‌برری‌یەوە تا بە ئــەندازەی پی‌خەفەکەی لی ئەکرد ، خو ئەگەر بچووك‌تریش بوایە ، رای ئەکیشا تا هەموو جومگە کانی لەیەك دەرئەهینا ، ئا بەم رەنگە میتافیزیکا ئەیەوی وا لە واقع بکا ، بەلام واقع زور لاسارە خوی نادا بە دەستی‌یەوە .

ماویەتی

# (ئەگەر ویستت)

ئەگەر ویســتت دوای مردنت بیر نەچیتەوە ، شتی وەها بنووسە کە شـایانی خویندنەوە بیت ، یان ئیشی وەها چاك بکە کە لایقی ئەوە بیت کە بنووسری .



Scanné avec CamScanner